www.kurdistannet.org
13-2-2007 21:54 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

فڕین لەکۆڵانە تاریکەکانی گەڕەکەوە بۆ ئاسمانێکی پڕلە نور ... نیگار محمود

دەربەندیخان

زەمانی ئێمە بۆ پێشەوە ناڕوات، پەلاماری هەرچ شتێك بدەین لەم کۆمەڵگایەدا بۆدواوە پاشەکشە دەکات؟! منیش نەوەی ئەم کۆمەڵگایەم وەك هەم و نەوەکانی ترفێری بێدەنگی و شەرم کردن و چەپاندن کراوم، لەبەرام بەرئەوانەی بەرپرسنلێم وەك مێینەیەك کاتێك فامم کردووە نەمزانی غەریزە بەدەکانی مرۆڤ چ بەڵایەکم بۆدێنن، ژیانی هاوسەریم هەڵبژارد تا لەوڕێگەیەوە بتوانم خۆم بنیات بنێم. وەلەژێر سێبەری خێزاندارێدا بەهەشتێك بۆخۆم دروست بکەم و بەختەوەری خۆم بدۆزمەوە و نەکەومە ژێر فشاری قسەی کۆمەڵگاوە بەڵام سەد ئاخ؟ چ هاوسەرێك ئەو هاوسەرەی ئەوەی ناوی هەست و سۆزبێت لەناخیدا نەبوو، ئەوەی یەك زەرەی خۆشەویستی بێت لەڕۆحیدا نەبوو، بەڵام لەپرخۆمم لەناو (تەق) یکدا دۆزییەوکەهیچی لەژیان نەئەچوو بۆیە ئەوکات لەبەردەم ژوورەتاریکەکانی ئەو ژیانەدا دەوەستام تا یەك پەنجەرەی ڕووناکی تیا بدۆزمەوە بەڵام، لەو ژیانەدا جگە لەزوولمەتی ئاسنینی پیاو هیچی ترم نەدەبینی؟! هەمیشە ئازارەکان وەك دەرزی دەچەقی بەڕۆحمدا تائێستاش ناتوانم ئازارەکانم فەرامۆش بکەم؟ دەنگی من جگە لەهاوار هیچی تری تیانییە، ئەوەش وەك من بەخەمێکی قوڵ هاتبێتە دوونیاوە بەپێکەنین بەختەوەر نابێت، کاتێك دەڕۆشتمە هەرئاهەنگێك لە سەر ئیقاعی مەرگ دەڕۆشتم؟! تاریکی لە ڕۆحم وەك ئاو دەهاتە دەری؟ چونکە ئێمەی (ژن) هەمیشە لەم کۆمەڵگایەدا وەك نێچیری ڕاوچییە نێرینەکان سەیرکراوین، ئەوە چەند ساڵە بەترسەوە ئەسڵەمێینەوە و لەو ژیانەدا گۆشکراوین، ئیتر چۆن بتوانین بیرەوەریەکانمان لای نەوەکان باس بکەین.

ئەگەریاخی نەبین ناتوانین وەك مرۆڤ بوونی خۆمان بسەلمێنین و هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێن، بۆیە منیش دەمەوی بڕیاری ڕزگاربوونم بدەم لەو مرۆڤە دەمامك ڕەشانە وەبەدوای هۆشیاریدا بگەڕێم، چونکە دەمێکە لەناو ئازارەکان نوقم بووم و کاتی ئەوەهاتووە جیهانێکی دی بۆخۆمان دروست بکەین جیهانێك کەسەراب تیایدا نەبێت، لەوجیهانەدا تەنها گوی بۆدەنگی (بااڵندە سپییەکان بگرم) (تەنها گوڵ پێشکەش بکەم) سەیری سەمایی پەپولەکان بکەم.

ئای چ ڕووناکە ئەوجیهانەی کەلەتاریکی جیابووەتەوە، دەمەوی جارێکی تر پەیمانی چاك بوونەوەی خۆمیان پێڕابگەیەنم، بەبولبولیش بڵێم ئاوازێکی ترم بۆبخوێنن، بەکۆمەڵگاش دەڵێم ژیان تەنها بریتی نییە لەچوار دیواری ماڵەوە و کۆڵانە تەنگەکانی گەڕەك، ئیتر ئەو پەپولە باڵشکاوەی نێو ماڵەتاریکەکان نیم. ئیتر ڕقم لەخۆم و ژیان نابێت دەمەوی مرۆڤێکی زیندووم لێدروست بێتەوە، ئیتر غەریزەی ترس لەناخمدا دەکوژم چونکە ترس و دڵەڕاوکی مەرگ بەرهەم دەهێنن، دەبێت کاریگەری دروست بکەم، لەم کۆمەڵگایە لەوەگەشتوم کەتەنها یەك ڕۆح لە بەرد دەتوانێت سەرجەم ڕێگاکانت لێبکاتە دۆزەخ گەشبینم بەوەی وەك مرۆڤێك دەتوانم فەتحی بەهەشت بکەم لەم سەردەمە نوێیەدا بۆ ڕزگاربوونم لەو گەنجینەی گومڕاییە، کۆمەڵگای ئێمە داخراوە لەڕوبەڕوونەوەی کرانەوە و فەزای بەجیهانیبوندا ئەمەش زۆرێك لەتاکەکانی ئێمەی ڕووبە ڕووی داڕمانی دەروونی بردووە چونکە ناتوانین بەئاسانی زااڵبین بەسەر ئەم کرانەوەدا. لەبەرئەوەی هەندێك جار لەسەرێکەنینێکی مێینەیەك سوکایەتی دنیایی پێدەکرێت بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگاکەمان هەمیشە لەسەر بێدەنگ کردن و شەرم کردن پەروەردە بووە ئەمەش واتای ترساندن و پەکخستنی توانای عەقڵی دەروونی وجەستەیی مرۆڤە هەرئەمەش وای کردووە نهێنی زۆر هەبێت لای ئێمەی مرۆڤ بەتایبەت لای ئافرەت. ئیترچۆن بەرگەی کرانەوە دەگرین؟؛

نیگار محمود

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.